# لە پەراوێزی دیداری تاڵەبانیدا لەگەڵ وەفدێکی ژنان:

## چەند پرسیارو و چەند دێرە وەڵامێکی کورت!

**عبداللە مەحمود**

abdulla.mahmud@gmail.com

ناوەراستی ئەم مانگە جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی و سەرۆك کۆماری عێراق! دیدارێکی لەگەڵ ژمارەیەك لەهەڵسوڕاوانی مافەکانی ژنان، کە هەڵگری یاداشتنامەك بوون کە 20 ڕێکخراو ئیمزایان کردبوو، سازدا.

ئەم دەستەیە لەژنان لەیاداشتنامەکەیاندا چەند داواکاریەکی تایبەت بەژنان وخەم وخواستە سیاسیەکانیان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵی عێراقدا، بەتایبەتیش مەسەلەی بەشدارییپێکردنیان لە کاروباری سیاسی و حکومی و پاراستنی کەسایەتی ژنانی....تاد، لەخۆگرتبوو.

جەلال تاڵەبانی لەوەڵام بەوەفدی ژناندا سەرباری ڕاگەیاندنی پشتیوانی لەخواستەکانی ژنان، پێداگری لەوە کرد کەپێویستە بزوتنەوەیەکی خەباتگیرو بەهێزی سەراسەری ژنان بێتەکایەوە کە لەپێناو سەپاندنی بونی خۆیان و مافەکانیان لەکۆمەڵدا خەبات بکات.

هەروەها تاڵەبانی ئاماژەی بەچەند ئاستەنگێکدا لەوانە کەئێمە لەووڵاتێکی فرە مەزهەب و ڕەوت و لەهەلومەرجێکی خەتەرناك و قۆناغێکی هەستیاردا دەژین، بۆیە دەبێ واقعی بین و بەقوڵی تێیان بگەین، ئێوە واقعی بن خۆزگەکانمان زۆرن، بەڵام بەداخەوە لە واقێعێکی تاڵدا دەژین، خۆزگەکانیش ڕاستیەکان ناگۆڕن ...و ئاماژەی بەوەدا کە هێزە باوەڕدارەکان بە دیموکراسی پاشەکشەیان کردووەو هێزە محافزەکارەکان بەگشتی کۆنترۆڵی گۆرەپانەکەیان کردووە.

ئەمەی سەرەوە ئەو پەیامەیە کە تاڵەبانی بە وەفدی ژنانی ڕاگەیاندووە دەقی هەواڵەکەش لە کوردستانی نوێی ڕۆژی 2006/5/15 بڵاوکراوەتەوە.

سەرتا بەچەند پرسیار دەست پێدەکەم، لەهەندێك شوێنیش چەنددێریك قسەکردن بەپێویست ئەزانم. ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کەژنان بۆ ڕزگاریان پێویستە ڕێکخراوەی بەهێزیان هەبێت بۆ بەرگری لە ماف و خواستەکانیان، کە واقعەن ئەمە پیویستە، کەس لاری لەمە نیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا لەکوردستان دەیان ڕێکخراوی ژنان لەمەیداندا نین و نەبوون؟ ئایا لەکوردستان ژنان و بەرەی متەمەدین دەیان جار بەردەم حکومەتی سوسیال دیموکراتی!! ئێوەیان نەگرتووە بۆ گۆڕینی یاسا کۆنەپەرستەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەریعەت و قورعان؟ دەیان جار بە خۆپیشاندانەوە دوای گۆڕینی یاساکانی بەعسی تایبەت بە یاسای باری کەسێتی و ژنانیان نەخستە بەردەمتان؟ چیتان وەڵامدانەوە؟ ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان و دەیان ڕیکخراوەی تری ژنان بەوانەشەوە کەسەر بەخۆتانن دەیان کۆڕو سمینارو خۆپیشاندانیان سازنەداوە بۆ بەرگری لە ژنان و خواستەکانیان؟ وە سەنتەری بەرگری لە ژنانی کوردستان کە سەدان ژنی لە ژێر چەقۆی مەرگ ڕزگارکرد، ئێوەو هێزەکای ئاسایش بەزەبری چەك داتان نەخستن؟ لستی سەدان تاوانباری ژنکوژ لەبەردەستی جەنابت و دادگاکانی تۆدا نیە؟ تائێستاش لە ژێر ناوی شەرەفدا ژنان قەسابی ناکرێن و تاوانبارانی جەلادیش بە پێی یاسای بەعس ئازادنین؟ وە بۆ سەربەرزکردنەوەو لەژێرناوی شەرفکرینەوە کوشتارەکانی ژنان نابینن؟ ئێوە بۆ ژنانی کورستان چیتان کردووە، تا ئەم جارە ڕووبکەنە ژنانی بەغداو بەسرەو پێیان بڵێن برۆن جاری بزوتنەوەیەکی بەهێزی سەراسەری دروست بکەن؟ لەوەش واوەتر کەهەمیشە شانازی بەداوەربوونی خۆتەوە ئەکەیت و کەس لەم گۆی زەویەدا بەئەندازەی تۆو حزبەکەت باسی پاراستنی ماڤی مرۆڤ و ئازادی ناکەن، کارتان چی یە؟ هەر ئەبێت یەخەتان بگرن تا شتێك بۆ خەڵك ئەکەن و وەڵام بەخواستێکی خەڵك ئەدەنەوە؟ بەڕاست ئەمە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتە تاسەر عەسکەری و

دیکتاتۆرەکانی شێوەی بەعس و مارکۆس و ....تاد. بەڕاستی سەیرە خۆت بە پارێزەری مافی مرۆڤ بزانیت و حزبەکەت سوسیال دیموکراتی!! بێت، کەچی بەرگری لەهەموو ئەویاسایانە بکەیت کەدژی ژن و مافی ژنن و بەیاسای بەعس کار بکەیت، وە بەرگری لەیاسا و داب و نەرێتی ژەنگهەڵگرتووی سەدەکانی ناوەراست و کەلتوری بەسەرچووی کۆمەڵگا بکەیت . هەروەها تاڵەبانی دەڵێت ئێمە لەووڵاتێکی فرە مەزهەب و ڕەوتدا دەژین، بەر لەهەموو کەس ئەبێ لە تاڵەبانی بپرسین مەگەر لەسەدان ولاتی ئەم گۆی زەویەدا، چەندین مەزهەب و نەتەوەی جیاواز لە چوارچێوەی وولاتەکاندا نین؟ وەمەگەر ئەوە باش نازانیت کە یاسا بۆ هەمووان وەکو یەکەو بنەمای هاولاتی بوون پێوەری تاکەکانە تیایاندا ؟ ئەگەر کۆمەڵگای ئێستای عێراق فرە مەزهەب و فرە نەتەوەو فرە ڕەوتە، کێ بەرپرسی قوتکردنەوەی ئەم نەتەوەو مەزهەب و تەنانەت زیندوکردنەوەی تایفەو خێڵەکانە؟ وەلەکام سەردەمی مێژووی عێراقدا شەڕی زمانە جیاوازەکان، شەڕی دینە جیاوازەکان لە کۆمەڵگای عێراق بووە؟ بەعس کەوێنەیەکی پراوپڕ دەسەلاتێکی سەکوتگەر و هەوسارپچراو بوو هەموو هەولێکی خۆیدا تا شەڕی چەند دەهەی خۆی و لەگەڵ بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد بکێشێتە ناو کۆمەڵگاو خەڵکی کورد زمان و عەرەب زمان بکات بەگژیەکدا، کەچی تیایدا شکست خواردوو بوو، ئێوە و هاوپەیمانە شیعەو سونەکانتان بەکوردو عەرەبەوە لەژێر چەتر ئەمریکادا، دێوەزمەی شەڕی تایفیتان کردە واقیع و هەڕەشەی سەرهەڵدانی جەنگی قەومیش لەبەردەگای هەموو هاولاتیەکە، لەئێوە زیاتر کە دانیشتوانی عێراقتان لەخەسڵەتە ئینسانیەکەی داماڵی و مافی هاولاتی بوونتان کردە سەبەتەی دیموکراسی ئەمریکاو نەزمەنوێکەی و لە جێگایدا مۆری دینی جیاواز قەومی جیاوازتان دا لەناوچەوانی هاولاتیانی ئەم کۆمەڵگایە، مەگەر بەڕاستی لەبەرامبەر بەم دۆخە ئێستای عێراق کە لەسەر لێواری سەپاندنی دۆخی بەیروتی حەفتاکان و سەرایفۆی جاراندا ڕاگیراوە، ئێوە هەموتان تاوانبار نین؟ ئەوە ئێوەن جێگایەکتان بۆ خەباتی ژنان لە عێراقدا نەهێشتۆتەوە و خەریکە عێراق بە ئاقارێکدا پاڵپێوەدەنێن ژن تیایدا یانی عەیبە، ژن تیایدا یانی کۆیلە و زیندانی، یانی ڕوداپۆشراو کەم دوو، ئەمەش بەمایەی شەرەف ئەزانن. وە ئێوەن کە کەسافەتی واتان زیندوکردۆتەوە کە چەندین دەهەبوو شوێنەواری نەمابوو، ئەمرۆناو عومەرو عەلیەکان بێئەوەی ئاگایان لەهیچ بێت، ئەکوژرێن. بەڕاستی لەهەموو مێژووی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقەوە تائێستا شتی وای تیابووە؟ ئەمە کێ لێ ی بەرپرسە؟ ئێوە خۆتان بەرپرسی یەکەمی ئەم هەلومەرجەن وبەبەدەستەوەگرتنی ئەم هەلومەرجەش ژنان دەترسێنن و ڕەوانەی ماڵەوەیان دەکەنەوەو پێیان دەڵێن خۆزگەکان زۆرن بەلام چونکە واقعەکە تاڵە واز لەخۆزگەکانتان بێنن، مەگەر ئێوە وەکو سەرۆکی حزبێکی کوردی و وە سەرۆکی حزبەکانی تر و مەزهەبەکانی تر، هیچتان واز لە خواستی حزبی و بەرژەوەندی و خۆزگەکانی خۆتان ئەهێنن لەبەرئەوەی واقعیەتێکی تاڵ بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە؟ تاڵەبانی بەژنان دەڵێت هێزە باوەڕدارەکان بەدیموکراسی پاشەکشەیان کردووەو هێزە محافەزەکارەکان کۆنترۆڵی گۆرەپانەکەیان کردووە، دیسان دەبیً بپرسین مەبەست لەهێزە دیموکراسیەکان و باوەڕدارەکان بەدیموکراسی کامانەن؟ لەناو هەموو ئەو هێزو لایەنانەی بەنیازن پاش زیاتر لەسێ ساڵ لە نەمانی بەعس حکومەتێك پێکبهێنن و دەوڵەتێکی داروخاو بینابکەنەوە، ناتوانن و هەرچی بنەمای دەوڵەت و پێکهاتەی یاسایی دنیا هەیە ریسوایان کردو پاش پێنج مانگ لە هەڵبژاردن ناتوانن بە ئیتفاقیش حکومەتۆکەیەکی تەلەفزیۆنی قوتبکەنەوە*، وە کون بەکونی قورعان دەگەڕێن و دێر بەدێری نوسراو یان ووتراوەی پەیامبەرانی ئیسلام" بە شیعەو سونی"ەیەوە دەگەڕێن تا بیانکەنە بەندی یاسایی، بەڕاستی بەم حاڵەوە مەبەست لە هێزی دیموکراستی کامەیە؟ کام بەندی دەستور هەیە بۆنی مافی لێبێت لە ژێر سێبەری پایەسەرکیەکانی شەریعەتی ئیسلامدا، لولنەدرابێت؟ ئایا ئەم هێزانە دیموکراسین؟ خۆئەگەر تاڵەبانی مەبەستی ئەوە بێت کەهێزی دیموکراتی مەبەستی لەبابەتی چەشنی خۆیانە، کە پێشگرو پاشگری ئیسلامی بە ناوی حزبەکانیانەوە نیە، ئەوا ئەگەر خەڵکی بەغداو بەسراو بەتایبەتیش ژنان ئەمە نەزانن، ئەوا خەڵکی کوردستان و بەگشتی و بەتایبەتیش ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بەکردەوە دەسەلاتی 15 ساڵەی یەکێتی و پارتیان تاقی کردۆتەوە، کەچۆن ڕەئی خەڵك بە بارمتە گیراوە، ودەنگدان بە نانەوە بەندە، چۆن لستی یەکێتی وبوون و پارتی و بوون مەحەکی دامەزراندن و تەئیدی دڵسۆزی و لێهاتوی و شارەزایی یە، وە زیندانەکان و دادگاکان چپانکردووە بە کەسانی سیاسی کە لەسەر بیروباوەری سیاسی و کارکرنی سیاسی ناکۆك بەخۆیان، وە چەندین بلاوکراوەو ڕۆژنامە و گۆڤار داخراون و دەیان نوسەرو ڕۆژنامەنوس تیرۆرکراون و دراونەتە دادگا. باسی کوشتاری ژنان و بێمافیەکانیان لەو نێوەدا بەشی شێری لەسەرکوت و بێمافی بەرکەوتووە، ئەگەر کەسێك دەیەوێت بزانێت وەزعی ژنان لەلای دەسەلاتی یەکێتی و پارتی چۆنە،

پێویست بە خۆماندوکردنێکی زۆر ناکات، سەردانێکی ڕۆژنامەکان و چەند کتیبیك یان خەستەخانەکان لە ئاماری کوشتن و ئینتحار، خۆسوتاندن و ئەتککردن، بەسە بۆ نیشاندانی وەزعی تراژیدیائاسای ژنان.

بۆیە ئەگەر تاڵەبانی مەبەستی لە هێزە دیموکراتیکەکان خۆیان و چەشنی خۆیانە ئەوا وەزعەکە لێرە لەکوردستان بۆ ژنان لە بەغدا و بەسرە باشتر نیە، بەتایبەت ئەگەر هەلومەرجی نیمچە ئارام و ئاسایشی کوردستان بەراورد بکەین پێیان. لەوەش واوەتر لە حکومەتەکەی یەکێتی و پارتیدا چەند ژن بەشدارن؟ ڕۆڵی ژنان لە ناوحزبەکانیاندا چەندە؟ چەند کەس لە ژنان لە سەرکردایەتی یەکێتی وپارتیدا هەن؟ وە ئەگەر هەبن چ کارە دەبن؟ وەسەرئەنجام هەڵگری پەیامی ژنان و خواستەکانیان دەبن، یان نوێنەری یاساو دەسەڵاتی دواکەوتوانەی پیاوسالاری؟ چونکە کەم نین ئەو پیاوە ڕەش پێستانەی لەدژی ڕەشپیستەکانن؟ هەروەکو کەمیش نین ژنانی لە چەشتی تانسۆچێلەر کە هەڵگری هیچ پەیامێك نەبوو بۆ ژنان تورکیا لەوپەری دەسەڵاتیشیدا، یان کورد زمانەکانی دەسەڵاتبەدەستی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان بەمانای ڕزگاری خەڵکی کوردستان و بەهرەمەند بون لەمافەکانیان لە چەشنی ئازادیە سیاسیەکان، مافە فەردی و مەدەنیەکانیان، خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتی و سیاسی و تەندروستیەکان، و سەربەخۆی نیە.

دوا پرسیار ئەوەیە کە دەڵێن عێراق نائەمنە، ئایا لە فەزای نیمچە ئارامی کوردستاندا چی بۆ ژنان کراوە؟ کام یەك لەیاساکان لەقازانجی ژنان گۆڕاون و کاریان پێدەکرێت؟ ژنان چەندە بەهرەمەندن لە مافەسەرەتایەکانی وەك حەقی سەفەر، جلو بەرگ پۆشین، جیابونەوە، حەقی هەڵبژاردنی هاوریێ و هاوسەر، حەقی هەڵبژاردنی کار، یەکسانی لە کرێدا بۆ کاری یەکسان، وە بەکورتیەکەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بۆ نیە؟ خۆ نائەمن نی یە وەکو بەغداو بەسرە، هەروەها هێزەکانیش پێشگرو پاشگری ئیسلامیان پێوە نیە، و بانگەشەی دیموکراسی و ماڤ مرۆڤیش بەئەندازەیەکە کە خۆی نیشانەکە بۆ نەبونی ئازادی و دیموکراسی، تاڵەبانیش مەبەستی لە هێزە دیموکراتیەکان، خۆیانە، بەلاَم بێگومان ژنان و بەرەی سکولاری کوردستان فریوی بانگەشە ناخۆن، جیاوازی نێوان حزبەکەی حەکیم و موقتەدا سەدر، و چەلەبی وعەلاوی لەگەڵ ئەحزابی کوردی بەکردەوەکانیان پێوانەدەکەن، ئەگەر تاڵەبانی دەیەوێت نیشانەیەکی پێشکەوتنخوازی لەخۆی و حزبەکەی نیشان بدات، ئەبێ بەکردەوە جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەم هێزانەی تر نیشانبدات، تا خەڵك کەمێك باوەر بکات، ئەوکاتە ژنانی پێشکەوتنخوازی بەغداو نوێنەری ڕێکخراوە پێشکەوتوەکانی ژنانیش ئەڵێن ئامین!!.

2006-5-18

* حکومەتۆکەی تەلەفزیۆنی: مەبەست لەو عیبارەتە دروستەی خەڵکی عێراقە کە دەڵێن حکومەت هەر لەسەر تەلەفزیۆن هەیە، و لەواقیعدا شتێك نیە ناوی حکومەت بێت.